## پێداچوونەوەیەک بە پێداچوونەوەی وەرگێردراوی دەقی کتێبی خولیاو مەرگی

## رەحمانی کورد خولیای کوردستان

## هەزاران تە زویری مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لەو پێداچوونەوەیەدا

مافناس – حەسەن ئەیوب زادە



بەشی حەوتەم

برگەی دووهەم

سەرهەڵدانی رێبەرێک

The Forging of a Leader


خرابترین دێموکراسیی لە هەر دیکتاتۆرییەک باشترە

-- عەبدورڕەحمان قاسملوو

کورتەیەک لە سەر ۱٦۰ لاپەرەی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان و درێژەی لێکۆلینەوە کە لەوەبەدوا بخوێنەوە!

نووسەرێکی سپانیۆلیی کتێبێکی بە ناوی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان بە زمانی سپانیۆلی نووسیوە و خۆی کردوویە بە ئینگلیزیی و لە ۲۰۰۹/۱۲/۳۰ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاو کراوەتەوە.

پێشتر باس کرا کە کتێبی رەحمانی کورد بە وتەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و بەو جۆرە کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکانەوە راگەیەندراوە و ژمارەی سپاردنی ٦٦٦ی لێدراوە لەژوئیەی ۲۰۰۹ لە هەولێر چاپ کراوە. بەوەبەرچاوگرتنی رێکەوتی چاپی دەقە ئینگلیزییەکە کە ئاخری دێسامبری ۲۰۰۹ بووە نیشاندەدرێ کە وەرگێردراوو و پێداچوونەوەی دەقە کوردییەکە پێنج مانگ زوتر لە دەقە ئینگلیزییەکە کە سەرچاوەی دەقەکوردییەکەبووە چاپ کراوە. مەلا عەبدوللا بەم کارەی کە کردوویە وەڵامی مەتەلۆکەکەی نەزانراوی فەلسەفیی هێلکە و مریشک + کەڵەشێری داوەتەوە و سەلماندوویە کە هێلکە زوتر لەمامرو کەڵەشێر خولقاوە.




ناوی کتێب: خولیاو مەرگی قاسملووی کوردان
نووسەر: کارۆڵ پرۆونهووبێر
وەرگێر: فەتاح کاویان
پێداچوونەوە: عەبدوڵلا حەسەنزادە
وێنەکان: کارۆڵ پرۆونهووبێر، رۆجێر پرۆونهووبێر
بەرگ و دیزاینی ناوەوە: ئاگری باڵەکی
تایپیست: عەبدوڵلا سەیدا
چاپخانە: رۆژهەڵات- هەولێر
چاپی یەکەم – هەولێر ژووئیەی۲۰۰۹
نرخ: ۵۰۰۰ دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە (٦٦٦)ی ساڵی ۲۰۰۹ ی دراوەتێ

........................................

بەبێ ئیزنی کارۆڵ پرۆونهووبێر (نووسەر)و ئێدیتۆریاڵ ئالفا (بڵاوکەرەوەی یەکەم لە کاراکاس) هیچکەس بۆی نیە هەموو یان بەشێکی ئەم کتێبە چاپ بکا یان هەر جۆرە کەلکێکی دیکەی لێ وەربگرێ.

چاپی دەقە سپانیۆلیی‌یەکە لە کاراکاس، لە ۲۰۰۸ بووە. دوای وەرگرتنی ژمارەی سپاردن لە بەرێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان بەرێچەوانی سەربەرگی دەقە ئینگلیزیی‌یەکەو دەقەکوردیی‌یەکەیە, جارێکیدیکە ناوی کتێبەکە گۆردراوە و بەناوی خولیاو مەرگی قاسملووی کوردان ژمارەی ٦٦٦ ی پێدراوە. لە دەقە سپانیۆلیی‌یەکەشدا رەحمانی کوردبووە. سەیرتر لەهەموو ئەوانە ئاخر لاپەڕەی وەرگێردراوەکەی مامۆستا کاویان و پێداجوونەوە تەزویریی‌یەکەی مەلا عەبدوللایە. لەو ئاخر لاپەرەیەدا دوو گۆڕانی‌دیکەی سەرنجراکێش دەبیندری کە یەکیان زۆر زەقە. ئەو گۆرینەش لە رێکەوتی چاپ کردنی کتێبەکەدا کراوە.



ISBN: 978-1-4401-7816-0 (sc)
ISBN: 978-1-4401-7815-3 (ebook)
ISBN: 978-1-4401-7814-6 (dj)


Printed in the United States of America

iUniverse rev. date: 12/30/09

Revision and expansion of a first edition published in Spanish by Alfa Editores, Caracas, Venezuela, 2008, under the title Pasión y Muerte de Rahmán el Kurdo: Soñando el Kurdistán

مەلا عەبدوللا بۆ ئەوە جارێکی دیکە خۆی بە " ئێدیتۆری ئەو کتێبە و دروستکاریی خۆی لە پێداچوونەوە بە دەقە کوردیی‌یەکەی کاویاندا نیشان بدا بە ئینگلیزییش ناوی کتێبەکەی لە رەحمانی کوردەوە کردووە بە قاسملووی کورد. مەلا عەبدوللا بەوەشەوە نەوەستاوە ساڵی چاپی ئەو کتێبەی لە ۲۰۰۹ وە کردووە بە ۲۰۰٦ و وشەی "کوردستان "ی لێ زیاد کردووە. جیالە هەموو ئەوانە لە پشت بەرگەکەدا و لە سەرەتای پاراگرافی چواردا ئەو واقعییەتە نووسراوە کە: "خولیاو مەرگی رەحمانی کورد "سەرەتا بە "سپانیی"

نووسراوە و دواتر وەرگێردراوەتە سەر ئینگلیزیی و لە پێداچوونەوەکەیدا مەلا عەبدوللا ناوەکەی گۆڕیوە و کردوویە بە قاسملووی کوردو ساڵی چاپەکەشی سێ ساڵ پێش چاپی ئینگلیزیی‌یەکەی و دووساڵ پشتر لە سپانیۆلیی‌یەکەی نووسیوە.




لەو ماوەیەدا نووسەری ئەم دێرانە لەرێگەی جۆراوجۆرەوە پێوەندیی بە مامۆستا کاویان، دۆستان و خزم و کەسی نزیکی‌یەوە گرت بۆ ئەوە نوسخەی دەسخەتەکەی مامۆستا کاویان لە مەلا عەبدوللا وەربگرنەوە تا مەلا عەبدوللا لە دوارۆژدا مامۆستا کاویان یان کەسێکی‌دیکە بە تاوانی ئەو هەزاران تەزویرە کە لەو کتێبەدا کردوویە تۆمەتبار نەکا. کەسایەتیی‌یەکی بەرێزی خزمی مامۆستا کاویان دوای هەوڵی خۆی بۆ وەرگرتنەوەی دەسخەتەکە رایگەیاندبوو کە : " مەلا عەبدوللا دەستی بەسەر نوسخەی دەسخەتەکەداگرتووە و لەژێر چنگی دەرنایە". هەر وەها حەسەن‌زادە بە یەکێ لە هاورێیان و نزیکانی مامۆستا کاویانی گوتبوو کە نووسخەکەی مامۆستا کاویانی ناردووە بۆ نووسەری کتێبەکە!! رەنگە مەلا عەبدوللا پێی‌وابووبێ کە نووسەر دەبێ بۆ چاپی تازەی کتێبەکەی کە بەو زووانە لە لەندەن بڵاو دەکرێتەوە دەبێ تەزویرەکانی مەلا عەبدوڵلای تێرێژێ.

پرگەی دووهەم

" لەسەرهەڵدانی رێبەرێک"ە وە کە لەلاپەرەی ١٦٣ وە دەستی پێکردووە تا لاپەڕەی ١٩٢ کە سەرچاوەکانی ئەو بەشە گرنگترین زانیاریی‌یان سەبارەت بە دیداری د.قاسملوو و سەرۆک مصطفی بارزانیی و وتوێژە بە ناوبانگ و مێژوویی یەکەیان لە " دەفتەری دیلمان " ناوچەی حاجی ئۆمەران،سەرچاوەکەی لە ژمارە٢٠٦ وە تا ٢٣٦ وە بووە و لە لاپەڕەی ٣٣٤-٣٣٩ لە ئاخری کتێبەکەدا نووسراوە، مەلاعەدوللا سانسۆری کردوون.کرتە بۆ ئێرە ٣٣٤- ٣٣٥ - ٣٣٦- ٣٣٧ و ٣٣٨ بکە و Ctrlدابگرە! ئەو بەشانە سەرچاوە و بەڵگەکانی ئەو زانیاریی‌یانەن کە نووسەری کتێبەکە کۆی کردوونە و لە ئاخری کتێبەکەدا نووسیونی. نووسەری ئەم لێکۆلینەوەیە نەیتوانیوە هەموو سەەچاوەکان بۆ سەر کوردیی وەربگێرێ، چونکە دەبوو دەقی تێکستە کەش بنووسێتەوە کە نەدەکرا. ئەگەر ویستبای کارێکی ئەوتۆ بکا دەبوو سەرلەبەری کتێبەکە بنووسێتەوە.

لاپەرەی ١٦٣ دەقی ئینگلیزیی ودەقی کوردیی لاپەرەی ١٩٠ سەرهەڵدانی رێبەرێک إ

**Forging of a leader**

ئەو بەشەی کتێبەکەی کارۆل بەو قسەنەستەقە سیاسیی‌یە بەناوبانگەی دوکتور قاسملوو دەستی پێکردووە کە حسن‌زادە ( ئێدیتۆری کتێبەکە) قرتاندوویە...

**The worst democracy is better than any dictatorship**.

***-Abdul Rahman Ghassemlou***

."خراپترین دێموکراسی لە هەر چەشنە دیکتاتۆریی‌یەک باشترە."

- **عەبدورڕەحمان قاسملوو**'

' "لە لاپەرەی ١٦٢ وە تا ئاخری لاپەری ١٩٠کە پێوەندیی بە سەرۆکایەتیی د.قاسملووەوە بووە، گرینگترین تەزویرێک کە مەلا عەبدوللا لەو بەشەدا کردوویە سانسۆر،قرتاندن ،مقەستبرکردنی هەژدە هێڵی لاپەرەی ١٨٥ دەقی ئینگلیزیی پاراگرافی پێنج بووە کە دەبوو لە لاپەڕەی ٢١٥ لە پاراگرافی سێی دەقەکوردیی‌یەکەدا بنووسرێ کە قرتاندوویە. بروانە تەرجەمەی ١٨ هێڵی لاپەڕەی ١٨٥. ئەو دەقە سانسۆر کراوە لە لایەن نووسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە کراوە بە کوردیی. کرتە بۆ ئێرە بکەو " Ctrl داگرە!

سالیانێک دواتر واتە لە ١٩٨٨ قاسملوو لەگەل یوردی پۆیۆل سەرۆکی گشتیی کاتالۆنیا، جەلال تالەبانیی و کەندال نەزان لە بارسلۆنیا پێدا چوونەوەی" هەڵوێستەکانی" بارزانیی‌یاندەکرد. بۆیۆل دژبە کوردەکان هەڵوێستی گرتو پەسندی بارزانی و کتێبەکەی رێنە مۆریسی کرد.

بۆیۆل گێرایەوەو گوتی:" ئەوکاتەی کەدیکتاتۆری ئیسپانیا بۆ داڕشتنی بناخەی ئۆپێرای بارسێلۆنا هات، من بە دەنگی بەرز پەندێکی کوردییم خوێندەوە:

"دەمی مرۆڤ قەڵەشتێک نی‌یە کە بتوانی بە قوڕ بیگری". ناتوانێ پێش بە ئاخاوتنی‌مرۆڤ بگری" بویۆل ستایشی بارزانی دەکرد کە داکۆکیی لە پێناسەی کەمایەتیی‌یەک کردووەوگوتێ: لە دونیایەکدا کە هەموو بۆ شۆڕشی سۆسیالیستیی یان کۆمۆنیستیی وبیرو باوەڕە جیهانیی‌یەکان شەڕیان دەکرد، بارزانی گوتی: ناسنامەی کەمایەتیی‌یەکان لەبیر کراوە. قاسملوو روی کردە تالەبانیی‌وبۆی شرۆڤە کرد و گوتی : ئێمە رەخنەمان لەپیرە بارزانی دەگرت، بەلام ئێستا کەسێک لە کاتالۆنا ئاخاوتنەکەی بە قسەی‌نەستەق، بە نموونەو سەرمەشق دەزانێ. دوای ئەو هەموو رووداوە کە قەوما، دوای'هەڵەبجە، هەمووسالانی خەبات لە کێووشاخان، لەگەڵوەزعی ژئۆپۆلیتیکی و ئەودراوسێیانەی کەهەیان بوو، ئایا ئێمە لەومان باشتر کرد؟ بارزانی ئەو واقعییەتەی وەراست گێڕا کە

بزواندنی کۆسپی سەر ریگە کە لە هاوپەیمانێتیی سیاسیی‌یەوە دێ بە سانی نی‌یە. بارزانی بۆ ئەو خەباتە دژوارە، ئەوەی لە توانای‌داهەیبوو بەباشترین شێوە بەڕێوەی برد ".

باخوێنەر خۆی بڵێ کە عەبدوللا حسەن‌زادە ئەو بەشەی بۆ لە وەرگێراوەکەدا سانسۆر کردووە؟ ئەمانەت و راستگۆیی و شەرەفی قەلەم لەحیزبی سیاسیی ئاخوندخنکاندوودا فلسێک ناکا.

**تەزویرە کانی مەلا عەبدوللا حەسەن زادە لە وێنەکانی کارۆل پرۆن هۆبێردا.**

نووسەری کتێبەکە لە سەفەرەکەی‌دا بۆ کوردستان ژمارەیەک وێنەی تایبەتیی لە پێشمەرگە و ئەندامانی حدکاو د.قاسملوو و خۆی گرتووە و لە کتێبەکەی‌دا لە لاپەڕەی ١٩١دا بڵاوی کردوونەوە. مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادە لە پێداچوونەوەکەی‌دا بەشێکی هەرەزۆری لەووێنانەی نووسەری کتێبەکەی سانسۆر کردوون.

هەڵبژاردنی وێنەکان و جۆراوجۆریی‌یەکانیان لە لایەن نووسەرەوە مەبەستدار بووە. بەلام مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادە (حەییاکیی) لێرەش‌دا تەزویری کردووە. کارۆل هوبێرلەژێر هەروێنەیەک دا پێناسەیەکی بۆ نووسیوە. کێن و چ کارە بوون نووسیونی. بەلام ئێدیتۆری تەزویرکار ئەوانەی مەبەست نەبووە. سێ‌چوار وێنەی خۆی بەدەمانچەی بەرکەلەکێ و کوڵەباڵی هەورامیی‌یەوە لەبەر دەمی د.قاسملوو قوت کردووەتەوە. وەبزانە کەسێکە لە ریزی فەرماندەرانی قارەمانی گەل، سەرهەنگ عەباسیی، سەرهەنگ رەبیعیی، سەرگورد عەلیار،سەروان هەژار، فەرماندەری سیاسیی نیزامیی مامۆستا حەسەنی شیوەسەڵیی،محمد قادری فەرماندەی گروپی زەربەتی سەرشاخان پارتیزانی بەناوو دەنگ، قادر افتخاری فەرماندەری بە وەج و لێوەشاوەی هێزی پێرانشار سەر بە بنەماڵەی نیشتمانپەوەری قادریی، خدرە سور، چرچەی بارام میرزا بێ ئەوە ژێرنووسی بۆدانابن!

حسەن‌زادەی ئێدیتۆر لێرەش‌دا ئەمانەتی نەپاراستووە و لەو یازدە وێنەیەی کتێبەکەی کارۆل دا تەنیا چوار وێنەی هێشتوونەوە و حەوت وێنەی لێ‌قرتاندوون و لە کتێبەکەی دەرهاویشتوون. لەبەرامبەردا دوازدە وێنەی خۆی و خزمە سیاسیی‌یە کانی کە هیچ وێچوویی‌یەکی، ئینسانیی، فکریی، ئەخلاقیی و سیاسیی یان لەگەل د.قاسملوو نەبووە لەو کتێبەدا نومایش داون.

مەلا عەبدوللا لە لاپەڕەی ٣٣٩ی پێداچوونەوەی وەرگێردراوەکەدا بۆ ئەوە وێنەی خۆی و د.قاسملوو وێکرا نیشان‌بدرێ هەولی‌داوە نەفەرێکی سێهەم کە وێدەچێ وێنەی تالەبانیی لە تەنیشت دوکتور قاسملوو بووبێ، بە شێوەیەک شاردووەتەوە، فۆتۆشاپی کردووە. ئەو کارەش بۆ ئەوە کراوە کە عبدالله حسەن‌زادە لە تەنیشتی د.قاسملوو زەقتر نیشان بدرێ.

ئەو وێنانەی کە کارۆل لەکتێبەکەدا چاپی کردوون لە خوارەوە ببینە! ئەوانە هەموو ژێرنووسیان هەیە. ئەوانەی کە ژێر نووسیان نی‌یە هەموو مەلا عەبدوللا لێی‌زیاد کردوون. مەعلوم نی‌یە ئەوانەکێن؟ ناویان، کاریان و چ پێوەندیی‌یەکیان بەو تەزویر و بابەتانەوە هەبووە کە لێرەدا باسیان کراوە؟ سەیرترینیی ئەو وێنانە وێنەیەکی فۆتۆشاپ کراوە کە لە ژێرەوە دەیبینین. بەشی یەکەم بەشێک لەو وێنانە لە خۆدەگرن کەنووسەری کتێبەکە گرتوونی و ژێرنووس و پێناسەیان بۆ کراوە. بەشی دووەم تەزویریی‌یەکانی مەلا عەبدوللان و پێناسەیەکیان نی‌یە.




Abdul Rahman Ghassemlou with members of the KDPI at the general headquarters, 1986. Photo by Humberto Morales, courtesy of Institut Kurde de Paris.



Peshmergas with air defense at the KDPI general headquarters, 1985. Photo by Carol Prunhuber.


192




Abdul Rahman Ghassemlou with members of the KDPI at the general headquarters, 1986. Photo by Humberto Morales, courtesy of Institut Kurde de Paris.

Peshmergas with air defense at the KDPI general headquarters, 1985. Photo by Carol Prunhuber.

KDPI peshmergas preparing for an attack on an Iranian military objective, 1985. Photo by Carol Prunhuber.



KDPI peshmergas celebrating victory over an Iranian military objective, 1985. Photo by Carol Prunhuber.



Abdul Rahman Ghassemlou at the KDPI general headquarters, 1985. Photo by Carol Prunhuber.



KDPI Commander Ibrahim in Iranian Kurdistan, 1985. Photo by Carol Prunhuber.

Abdul Rahman Ghassemlou and Abdullah Ghaderi-Azar in Madrid, 1986. Photo by Carol Prunhuber.

Abdul Rahman Ghassemlou and the author in Madrid, 1986. Photo courtesy of Carol Prunhuber.



The author with KDPI peshmergas in Iranian Kurdistan, 1985. Photo courtesy of Carol Prunhuber.

Abdul Rahman Ghassemlou with members of the KDPI at the general headquarters, 1986. Photo by Humberto Morales, courtesy of Institut Kurde de Paris.

198

ئـەو وێنـە زیـادکراوە بـێ نـاوو نیشـانانە کـە مـەلا عەبـدوللا لـەو پێداچوونـەوە تەزویریی‌یـەدا لـەبری بەشـێک لـەو وێنانـەی کـارۆل چـاپی کـردوون لە ژێرەوە دابیینە!





ئەم تاکەوێنەیەی نووسـەر کە پەڕیوە تە ناو وێنە تەزویریی‌یەکانی مەلا عەبدوللا  لە ژێرەوە ببینە!





وێنە فۆتۆشاپ کراوە تەزویریی‌یە کەی مەلا عەبدوللا و تالەبانیی

7







8








9











دەمانچەی بەرکەلەکێ و کوڵەباڵی هەورامیی مەلا عەبدوللا و بەسەرهاتەکەی بەرەو شێعرەکەی ذوحیاتین،زووحەیاتەینی عەلی گەڵاوێژ شاعیر، نووسەر و لێکۆڵەرەوە و سیاسەتڤانی کوردی دوورخراوە ، "ئەندامی حدک" نووسەری رۆژنامەی کوردستان پاشکۆی یەک لاپەرەیی رۆژنامەی آذربایجان سەر بە فیرقەی دێموکرات، توواوە لە حیزی تودەی ئێران شەهیدی بێروباوەڕئێعدامکراو بە دەستی جینایەتکارانی دژی کورد لە زیندانی ئێوینی وەبیر

هێنامەوە. ذووحیاتین دەمە تەقەی قرژال و ماسیی ئاو و ئیشکانیی، مان و نەمان، تێروانین لە مەرگ و ژیان، دەشتی قاقڕ و دەریا، گەل و دژی گەل، بۆ ژیان و چۆن ژیان؟ بێوەفایی و خەیانەت،وەفاداریی بە پەیمان لەو شیعرەدا و لەو وێنانەدا و لەو هەزاران تەزوێرەی کە مەلا عەبدوللا بۆ شاردنەوەی واقعییەتی سەدان جینایەت کە دژی کورد کردوویە و کراوە و لە کولەکەی تەڕدا باسیان نەکراوە هەژاندمی کە جارێکی دیکە بە دەنگی بەرز بیخوێنمەوە. ئەو مەلا عەبدوللایەم لە جەستەی ئەو ذوحەیاتەینەدا دێ کە قیبلەی گۆڕیوە و بووەتە هاودەستی دوژمنەکانی کورد. بووەتە نۆکەرو چڵکاوخۆری تالەبانیی، هاونشینی، قاتلەکانی قاسملوو شەڕەفکەندیی، تەزویرەکانی مەلا عەبدوللای " ئێدیتۆر ی کتێبی خولیاو مەرگی قاسملووی کورد خولیای کوردستان پێمان دەڵێن ، مەلا عەبدوللا دوای جیابوونەوەی ڕێبەرایەتیی شۆرشگێر بەرەو کوێ کشا؟ بوو موریدی " خوالێخۆشبوو ئیمام خومەینیی" کانیاوی روو لە ئیشکبوونی جێ هێشت، یارانی خۆی بە کوشتی دان. مەلا عەبدوللام بینی کە ڕۆژێک یارو هاوڕێی د.قاسملوو و ڕۆژێک خەیانەتکارێکی دڵڕەقی دژی مرۆڤ. بەدیلەکەیم لە کتێبی شوڤانی کورد نووسینی ئەرەبێ شەمۆو حیزبە چوارکەسییەکەی "نەنە چەتە" خۆی و سێ بووکەکەی دادی کە فەرماندەرە چڵێس و دۆخین شلەکانی رووسیان ئابروو چوواو کرد. نەنەچەتە ناوێکە کە نووسەری ئەم دێرانە بۆ ئەو ژنەکوردەی کتێبەکەی ئەرەب شەمۆی هەڵبژاردووە. مەلا عەبدوللا نە ینووسیوە بە چ مەبەستێک ئەو وێنەگەلەی لەو کتێبەدا بڵاو کردووەتەوە؟ ویستوویە بە خوێنەری کورد بڵێ ئەوانەش وەکو خۆی "دڵسۆزی کورد"، ڕێبەرانی تێرۆرکراوی حدکا،هاوسەنگەری پێشمەرگەبوون یان ئەوانە کاریان خاڵی کردنەوەی فیشەکی خەشابی پێشمەرگەی ناوسەنگەر و فرۆشتنەوەیان بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بووە؟ نەکا بەشێک لەوانەش وەکو خۆی" ذوحیاتین " وەکەی عەلی گەلاوێژ بوون؟ ئەوانە جێیان لەو کتێبەدا نەبووە.

ذوحەیاتەین دوو ژیان ، دوو ڕەوتی ژین، بەشێک لە بوونەوەران دوو ژیانەن ، لەناو ئاوو لە وشکانیدا دەژین. وەکو قرژاڵ

ڕەقە، بۆق، سوسمار، کیسەڵ ...



ذوحیاتین دوو ژینە دوو ژیانە

بۆ خوێندنەوەی شێعری ذوو عەیاتەین کرتە بکە سەر ئێرە و Ctrl داگرە!





وێنەکان ٣٣٩



تەزویرێکی فۆتۆشاپیی و مۆدێرن، کارێکی سیستێماتیک

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بۆ تەزویرکردن وێنەی لە جیهانداکەمە. ئافەرم "حدک" بۆ رێکۆردت!

دوکتور قاسملوو لەم وێنەیەدا لەتەنیشت کەسێک راوەستاوە کە وێدەچێ جەلال تاڵەبانیی بووبێ. لە پشتی د.قاسملوو، فتح الله، پێشمەرگەی پارێزەری د.قاسملوو و لە دەستی چەپی فتح الله مەلاعەبدوللا حەسەنزادە وێستاوە. لەو وێنەیەدا مەلا عەبدوللا ویستوویە زەقتر دەرکەوێ. بۆ ئەوە تیمە هاودەستەکەی بە فۆتۆشاپ رومای تاڵەبانیی‌یان داپۆشیوە. مەلا عەبدوللا ویستوویە بەو وێنەیە پروپاگەندە لۆخۆی بکا کە گوایە زۆر نزیک، باوەرپێکراو، ئەمین، دەست و دڵپاک، وەفادار،راستوێژ، کورد خۆشەویست و جێ متمانەی د.قاسملوو حیزبەکەی بووە. ویستوویە ئەندامانی حدکا شک نەکەن کە مەلا عەبدوللا هاوکاری صحراروی، ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ژێر دەسەلاتی فلاحیان و هاودەستی تاڵەبانیی بۆ تونا کردنی حدکا،ئاشبەتاڵ و زەمینەخولقێنی کوشتاری سەدان ئەندامی حدکا لە باشوری کوردستان و بەرپرسی هەموو کارەساتەکانی سەپێندراو بۆ توناکردنی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بووە.

بە پێچەوانەی ئەو ئیدەیە کە: مێژوو دوو پاتەنابێتەوە،مخابن بۆ کورد ئەو وتەیە راست نەبووە. مەلای خەتێ و مەلای کاژێ فەرقیان نە بووە؟!.

هەموو ئەو وێنانەی کە رەمەکیی و بێ ژێر نووس خراونەتە بەرچاو و مەلا عەبدوللا بە کاری کارۆل پرۆن هۆیێری ناساندوون ئیبتیکاری عەبدوللا حەسەنزادەن.

درێژەی هەیە ٧ ی سێپتامبری ٢٠١٥